

# نامەی برادەر

## کۆمێنت لەسەر کۆمەڵە شیعرێکم

باران

محسن غیور

ئاغای بێژەنی تەرەقی هاوینی پێشو دەستنوسی شیعرەکانتم لەگەڵ خۆمدا بردبوو بۆشاری ئاستارا. کاتێك ژن و منداڵ و دۆستان منیان سپاردە بێدەنگی و تەنیایی و بەجێیان هێشتم و ڕۆشتن، کاتێکی باشم بۆ خوێندنەوە پەیداکرد. یەکەم جار لە شیعرەکانتەوە دەستمپێکرد، چەند پارچە شیعری یەکەمم کەخوێندەوە، ئەوەندە کەوتمە ژێر کاریگەریانەوە کەکتێبەکەم ماچکرد. نازانم ئەگەر ئەوکارەم نەکردبایە، دەبوا چیبکەم تا لەخۆمدا ئاو ئارامیە بدۆزمەوە. ئایا واتا و چەمکەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ ژیانی ڕابردوی مندا وەکیەکی هەبوو؟ ئایا ئەم شیعرنانە هی من بوو؟ یا من هی ئەم شیعرانە بووم و پەیوەندیم پێوە هەبوو.من ئێوە بووم یا ئێوە من بوون؟ هەرچیەك بوو بەئاسانی قبلوڵم کرد دواساڵ یان مانگەکانی تەمەنم لەکەش و هەوای ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی تۆدا بگەیەنمە کۆتایی.

کەشی هزرو بیرکردنەوەکانی ئێوە دنیایەك بنیات دەنێت، کە پاشایکەی هەستی پاك و ئەندێشەی درەوشاوەیە. هیچ برگە و پارچەیەك لە ناپاکی و ستەمکاری ڕێی نەبردوەتەناوی.

لەدنیاکەی تۆدا هەموو دڵەکان پاك و هەموو چاوەکان بێگوناه و درەوشاوەیە.

کاتێك لەدنیای ئەندێشەی ئێوەدا جێگەم گرت، بڕیارمدا شرۆڤەیەك لەسەر هەڵبەستەکانتان بنوسم. قەڵەمەکەم ئازاد و بەبێ هیچ بەربەستێك خستەڕێ، بەڵام پاش چەند لاپەڕەیەك دڵنیابومەوە و تێگەشتم تەنها خەریکم بۆخۆم دەنوسم...

بەڵام:

دۆستان لەپەردەدا دەدوێم بۆتان         دەش وترێتەوە بەچیرۆکی دەستان

کتێبەکەی ئێوە نە مەسنەوی مەولانا و نە دیوانی حافز و نە کولیاتی سەعدیە، بەڵام هەڵگری بۆنی عەتری ئەم بەرهەمانەیە. لەوەش زیاتر هەندێ گۆشەی خەیاڵی و ئیشارەتی ئاگرین و لێکچواندنی سەرسوڕ هێنەری تیایە. ئەو کەرەستەیەی لەخزمەت ئەم هەستە ناسکەدایە، چاوێکە هەموو شتێك دەبینێ و گوێیەك کەبە نەوا، پانی و بڵندیی هەموو نیگارێك دیاری و گۆزارشت دەکات. هۆنەر توانایەکی وەهای هەیە لەدەنگەوە بۆ ڕەنگ و لەڕەنگەوە بۆ جوڵە و لەجوڵەوە بۆخەم و شادی پەیوەندی دروستدەکات و گەورەترین کۆمەڵەی هەستە مرۆییەکان لە ڕواڵەتێکی نەبوونی ڕەهاوە، واتە لاپەڕەیەیکی سپی بەتاڵ بەرجەستە و وێنادەکات و تواى ئەوەدەداتە خوێنەر هەموو ئەندێشەکان، بیرەوەریەکان، هەستەکانی خۆی لەو لاپەڕە سپیەدا ببینێت. بەوجۆرەی تیشك هەڵگری گشت ڕنگە بنەڕەتیەکانە و کاتێك لە ئاوێزەیەکی کریستاڵیەوە(منشور) تێدەپەڕێت  و چییەتی بوونی خۆی پیشاندەدات، وێنای لاپەڕەی سپی کاتێك لەچاوی هۆنەرەوە تێدەپەڕێت، هەموو سوپاسەکان، حەق ناسیەکان و لەخۆ دەگرێت و ئەم دیاریە جوانە و لاپەڕە سپیە وەك سوپاس و پێزانینێك پێشکەشی دایکی دەکات و بوار نادات ئەو وشانەی ڕسەنایەتی خۆی لەدەستداوە و دۆرنجی ڕیا و زمان لوسی داپۆشراون لەم لاپەڕیەدا بنەخشێت و لە کۆتاییدا بێڕەنگی ئەسیری ڕەنگ ناکات. لە «لاپەڕەی سپیدا» کۆششی کردووە بۆبەیانی ئەو خۆشەویستیەی بۆ دایك هەیەتی جلێکی گونجاو لەسروشت بدورێت و دەست بۆ لەڕادە بەدەر گەورە کردنی شتەکان نەبات، لەبەرئەمەش گوڵە سور و زەرد و گوڵە مریەم و یاس و وەنەشەکانی هەڵبژاردووە و دەشبێت وابێت، چونکە قارەمانی چیرۆکەکە ژنە و ژنیش بونەوەرێکی ناسکە.

ئەگەر بمانەوێت هەڵبەستەکانی سەرتاسەری ئەم کتێبە پۆلێنبەندی بکەین و چەند تایبەت مەندیەکی دیاریکراو لەیەك یان چەند دەستەدا دانێین و لەسەریان گفتوگۆ و قسەبکەین ئیمکانی نییە، چونکە هەر پارچەیەکی شیعری هەڵگری تایبەت مەندی خۆیەتی.

«گەلەری وێنەکێشانی» ئەو سەردانێکە بۆ گەلەریەکی وێنەکێشانی گەورە.



لەم سەردانەدا، هەستی مرۆڤدۆستی ئەو و دڵە میهرەبانەکەی بەرەو ڕۆشنایی و ئومێد ڕایدەکێشێت، سەرنجی عیسا و مریەم دەدات، لەجێدا میلی کاتژمێری خەیاڵی بەرەو دواوە دەڕوات، ئەڵێی لەگەڵ عیسا و مریەم دا لەنزیکەوە دیدار دەکات، دەستبەجێ بیری ئەوپاداشتەی دەکەوێتەوە ئەوان لەجیاتی خرمەت لەخەڵکەکەی خۆیان وەریانگرت. جارێکی دیکە لەدنیای خەیاڵدا عیسا دەبینێت، کەبە سەردەستەوە دەیبەن، لەکاتێکدا گوڵی گوڵمێخە(جێگای ئەو بزمارانەی لەدەستی درابوو) لەدەستایەتی. ئەم وێنەیە کە وەبیرهێنەرەوەی چۆنێتی لەخاچ دانی عیسایە، وەها لەبیری ئەودا بەڕونی زیندووەدەبێتەوە کەبە هەڵبەزینی تیشکێکی سەرنجڕاکێش تا کاتێکی نادیار دەبورێتەوە و کاتێك لەم مۆتەکە ترسناکە، چاوەکاتەوە لەسەر لەپی دەستەکانی دڵۆپێك خوێن دەبینێت، وەك بڵێی لەزۆری پەژارەی ئەم ڕوداوە کەڕاستیەکی تاڵە لەژیانی ئەوپیاوە ئاسمانیەیە، وادەزانێت بەسەر ئەم هاتووە.

نرخی هەر کتێبێك پەیوەندی بەچەندێتی گۆڕانکاری و شۆڕشێکەوە هەیە کەلە خوێنەردا دروستی دەکات.

ئەگەر بەزیادە ڕۆیی نەزانیت زۆربەی هەڵبەستەکانی تۆ خوێنەر دەخاتە ژێر کاریگەریەوە و وای لێدەکات بیربکاتەوە، بەڵام هەندێك و ڕەنگە زۆرتر لەنیوەیان شۆڕشێکی ڕۆحی لەخوێنەردا دروستدەکات.

کاك بێژەن، هەندێك جار هێزی هەست و ئەندێشە لە شاعیری خاوەن کەسایتیدا، بەئەندازەیەك بەهێز و لەئاستێکی بەرزدایە، تەنانەت لە مەیدانی وشە و داوێنی بەربڵاوی زمانی فارسی دا ناتوانێت هزر و ئەندێشەی دەروونی خۆی بەیان بکات، تا بگاتە ئەوەی لەبەندی سەروا و عەروزیش دا بێت، بۆیە دەست دەکات بە وتنی شیعری نوێ، ئەوکاتە پارچەیکی شیعری وەك:( ئەی هاوار منیش ناوم مرۆڤە ) دێتە ئاراوە، پارچە هەڵبەستێك کە تان و پۆی گیانم بەخوێندنەوەی دێتە هەشەکۆ.

ئەم بابەتە جێی تێڕمانە کەئایا تاکەکان، بەبێ ویژدان و هەستی مرۆڤدۆستی لەدایکدەبن؟ یان ئەوەی کە دەرسی بێڕەحمی و دڵ ڕەقی لەکۆمەڵگەوە فێردەبن؟ هەندێك باوەڕیان وایە بەشێك لەم تایبەت مەندیانە تا ڕادەیەك بۆ ماوەییە. ئەگەر وای دانێین یەك لەسەر دەی ئەم تایبەت مەندیانە بۆ ماوەیی بێت لەم حاڵەدا نۆ لەسەر دەی لەکۆمەڵگەوە فێردەبن، کەواتە دەردەکەوێت کۆمەڵگەیەك هەربەجۆری دەتوانێت کەسانێکی بێهەست و مادی و بێویژدان پەروەدەکات، دەشتوانێت پیاوی بەویژدان و بەهەست و بە گوزەشت ولێبوردە و خێر خزازیش پەروەردە بکات. لەو حاڵەدا باشترین کەرەستە بۆ گەشتن بەو مەبەستە ئەم شیعرانەی تۆیە، ئەوتۆ کە مەحاڵە کەسێك پارچە شیعری ( نەخۆشی باوك ) بخوێنێتەوە  هەستی ڕێزی ئەو بەرامبەر بەباوکی بەهێزتر نەبێت.

چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی کۆمەڵگە ئەوەندە قورس نییە. ئەو خوێندکاری پزشکیەی لەهۆڵی شیکاری لەشدا ناچارە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ جەستەی شیکار کراوی هاوڕەگەزەکانی خۆی دا ڕوبەڕو بێتەوە، باشترینە بۆ پێشگرتن لەدڵ ڕەقی و بێ هەستی لەبەرامبەر ئازاری ئەوانی تردا، پاش چونەدەرەوە لە هۆڵی شیکاری، پارچە هەڵبەستی ( ڕۆژی جەژنی دیکان)ی بۆ بخوێننەوە تا لەهەستی ئەودا هاودەردی و مرۆڤدۆستی بەو شێوەیەی لەو شیعرەدا هاتوە لەخەو هەستێنن؟

پاشان وێنەکێشانی ئەو لە سروشتی گیاندار بەناوی»بەفر« تابلۆیەکی زۆر گەورە و قولە. ئەم وێنە جولاوەی ئەو تەنها و تەنها پلەی بەرزی مرۆڤایەتی و هەستی مرۆڤدۆستی ئەو ئاشکرا دەکات. لەم تابلۆیەدا وێنەکێشی بەتوانا تابلۆکەی خۆی لە باشور تا باکوری شار بڵاوکردوەتەوە، ئەکتەرەکانی ئەم شوێنە لە پێپەتیەکان و کەلاوە نشینەکانی باشوری شارەوە دەستپێدەکات و بەکاخ نشینەکانی باکوری شار کۆتاییدێت. ئەو هەموو کاردانەوەکانی داباریني بەفرێکی قورسی لباشور و باکوری شاردا وێناکردووە.

بەدڵنیاییەوە لەنێوان دیاردەهونەریەکانی هونەرمەندێکی خاوەن کەسایەتی و خودی خۆی دا پەیوەندیەك هەیە. دەڵێن هونەرمەند لەقۆناغی سێیەمی هومەریدا، یانی ئەوشوێنەی ئەبێتە ئەویندارى هونەرەکەی، بەگشتی خۆی لەبیر دەچێتەوە. لەم قۆناغەدا هونەرمەندان دەکەونە ژێر کاریگەری هونەرەکەیان و دەبنە خاوەنی ئاکارێکی هونەری،  بۆیە ئاکار و ڕەفتار و کرداریان لەهەموو بەشەکان دا یەکسانە. بەواتایەکی تر کۆششدەکەن تا ئەو پەیامەی لەئەستۆیانە بگەیەننە سەرئەنجام، بۆیە ئەو پەیامەی تۆ لە پارچە هەڵبەستی»بەفر«دا گەیاندوتە ئەنجام ئەڵێی، لەبەشی وێنەکێشاندا» ڕیپین» وێنەکێشی بەناوبانگی ڕوسیا لە تابلۆی مەلوانەکانی ڤۆلگا و نوسەر و پەیکەرتاش و مۆزیسیەنە بەناوبانگەکانی دنیا هاتون و بەشێوەگەلێکی تر لەگەڵ تۆدا هاوکاریان کردووە.

هەر شیعر یان پەخشان یان تابلۆیەکی وێنەکێشان کەلە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا کاریگەری نەبێت لەگۆمەڵی بەرهەمە هونەریەکان بەدەرە.

کەواتە ئەگەر هونەرمەندە خاوەن کەسایەتیەکان، وەك دیدەوەر و پەرچەمدار و خەباتکاری ڕێگای خەبات لەگەڵ نەزانی و ناڕەوایی ناوبنێین دروست بیرمانکردوەتەوە.

بۆچی کمال الملك تەنها یەك وێنەشی لە ڕەزاخان نەکێشا و خۆی لەو ڕۆژگاری پیریەدا ئاوارە دەربەدەر کرد؟

بۆچی وێنە کێشە گەورەکان، برسێتی هەڵدەبژێرن، بەڵام تابلۆیەکی خۆیان نافرۆشن؟

بۆچی فرخی یزدی، عارف، میرزادەی عشقی... بۆچی؟










# بەشی سێیەمی پڕۆژەی 100 نامیلکەی فکری و فەلسەفی

